به بۆنەی بیست و یەکەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# بۆ ئازاد عەبدولواحید: ڕامان مانایەک بۆ ژیان

**بەدران ئەحمەد حەبیب**
**(بریتانیا)**

به بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی کۆواری ڕامانەوە، پێش ماوەیەک بەڵێنم بە کاک ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسیار دا، وتارێک بنووسم، سوپاسی دەکەم لەم ڕۆژانەدا خۆی بە بیری هێنامەوە. وەک دەڵێن (بەڵێنی مێران قەرتە بە سەریانەوە)، ئەگینا لە بۆنەی کۆوارێکی ئەدەبیدا من نازانم چی بنووسم. لە سەرەتای ژیانی نووسیندا، منیش وەک زۆرانی تر بە کاری ئەدەبیەوە دەستم پێ کرد، نەخاسمە وەرگێڕان، بەڵام پاش ماوەیەک لێی تەکیمەوە. دەشمەوێ ئەم بۆنەیە بکەم بە هەلێک و بپرسم بۆچی ئەدەبی کوردی باش گەشەی نەکردووە، یان ناکات؟ گەشەشی کردبێ، لە چاو ئەوەی دەبوو ببێ زۆر کەمە؟ هەر خۆیشم لە وەڵامدا بە ڕژدییەوە دەڵێم بەداخەوە کورد چتێکی ئەوتۆی نییە لە بواری تاقیکردنەوەی ئەدەبیدا پێشکێشی بیانیی بکات، دەشبوو وا نەبێ، لەبەرئەوەی کوردستان وەک دۆز و کێشەی سیاسی بە هەموو کەلەوەرێکی دنیا گەییوە، بەڵام بەرهەمە ئەدەبییەکەی هێشتا لۆکاڵ و ناوەخۆییە، لە ناوەخۆییش بەولاوەتر، ناوچەییە لەناو ناوەخۆییدا.

ڕەنگە تۆ پێت وابێ هۆی سەرەکی لێرەدا بۆ زمان بگەڕێتەوە و بڵێی کورد ئەگەر خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو بوایە ئەدەبەکەشی گەشەی دەکرد، بەڵام ڕاستییت دەوێ لەم بوارەدا هۆی لە زمان کاریتر هەیە ئەویش نەبوونی داهێورینی سیاسییە لە وڵاتەکەی. بێ داهێورینی سیاسی، خۆت باشتر دەزانی، گەشەی ئابووری ڕوو نادات، هەموو چتێکیش بەندە بە ئابوورییەوە. لە دەمی ناهێوریدا ئەدەب گەشە ناکا، تەنیا ڕۆژنامەوانی گەشە دەکا، کە ئەویش (واتە ڕۆژنامەوانی) وەک سیاسەت ملۆزمێکە بەسەر شانی ناهێورییەوە دەلەوڕێ.

نموونەیەک بۆ ئەو بانگەشەیەی خۆم دەهێنمەوە، پێش دوازدە ساڵ منداڵێکی خۆم لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە بریتانیا دەیخوێند، مامۆستا پێی وتبوو سەیرە باوکت ئەندازیاری باڵەخانەیە و کاری ڕۆژنامەوانی دەکا؟ نامەیەکم بۆ کچەکەم نووسی وتم، کاتێک لە ١٩٨٥ خوێندنی زانسگەم تەواو کرد، شەڕی ئێراق- ئێران لە کۆنگەی گەرمیدا بوو، لە دەمی شەڕیشدا ئاوەدانکاری و

بنیاتنان نابێ، تەنیا کاولکردن دەبێ، پاشان شەڕی دووەمی کەنداو هات، دوای ئەوەش شەڕی ناوەخۆی کورد و کورد هات، کە ئەمانە بە گشتی منیان ڕادایە ناو کاری ڕۆژنامەکارییەوە. ئەو ١٧ ساڵ خوێندنەی کردبووم کەڵکی بەڕێوەبردنی ژیانی منی نەدا، وتم ڕۆژنامەکاری پیشەیەکە لە شەڕ و گرژیدا گەشە دەکا و دەرسکێ، لەو دەمەی شەڕ و گرژی هەموو جوانییەکی تر بۆ نموونە ئاوەدانکاری دەپووکێننەوە. مامۆستای کچەکەم ئەو قسانەی لە پۆلدا کردبوو بە بابەتی وانەکەی.

ئەدەب بەشێکە لە پرۆسێسی نیشتمانی، هەرچی ڕۆژنامەکارییە بەشێکە لە پرۆسێسی سیاسی. لە دوای ڕمانی ڕێژێمی سەدامەوە بۆ ماوەی شەش حەوت ساڵ هێورینەوە ڕووی لە ئێراق، نەخوازەڵا هەرێمە کوردییەکەی کرد. لەو شەش حەوت ساڵەدا گەشەی ئاوەدانکاری و ئەدەب و هونەر بە هەموو جۆرێکیەوە کەوتە تەکاندانی خێرا. دوای ئەوە جارێکی تر سڕ بووەوە. لەم ساڵەیلەی دواییدا لە یەکبینە، نۆینی ڕاگەیاندنی تازە، دەبنەوە و نۆینی ئەدەب و هونەر و ئاوەدانکاریش یەک بە دوای یەکتردا دەرگەیان دێتە پێوەدان. ڕەنگە بەرهەمیش هێشتا زۆر بێ لە هەندێک ڕووەوە وەک دەیبینن، بەڵام ئەوەیان زۆرییەکە لە سایەی نەبوونی بەرنامەی بەرپرسیارانەدا، هەروەها لە سایەی نەبوونی خوێنەرێک، کە بەشداری بکا لە پرۆسێسەکەدا. بەرهەمی ئەدەبی و خوێنەر، دوو ڕووی دراوێکن، یان دوو تیپن لە گەمەیەکدا، ئەگەر تەنیا یەکێکیان لە گۆڕەپاندا بێ، گەمەکە ڕوو نادا. نەبوونی هێوریی سیاسی، خوێنەری کوردی کوشتووە بەرلەوەی ئەدەبەکەی بکوژێ، هەروەها سەرەڕای ئەو بارە نەگونجاوەی بۆ گەشەی ئەدەبی لە کوردستاندا هەیە، کە وەک وتمان لە ئەنجامی ناهێوریی سیاسییەوە هاتووەتە دی، بەردەوامیش هەوڵ هەن بۆ لە بنجەوە هەڵکێشانی ئەو پاشماوە کەمەی لە گەشەی ئەدەبی و کولتووریدا ماوەتەوە.

زۆر ڕەشەبا لەو بیست ساڵەی بۆریدا لەملا و لەولاوە لە کۆواری (ڕامان)یان دا، بەڵام ئازاد عەبدولواحید نەیهێشت ڕامان بچەمێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەرمانە ڕەسەنایەتییەی، کە دەمێکە لە مێژووی ئەدەبیدا بۆ خۆی هەڵی داوەتەوە. من و زۆرانی وەک من، ڕەشەبا پاڵی داین بۆ ناو پێچەڵوولی سیاسەت، بەڵام ئازاد سەنگەر و کۆزکی بەرنەدا و هەر ئەدیب مایەوە. جێپەنجەیەکی دیاریشی نا بە کاروانی ئەدەبی کوردییەوە، نەک هەر لە باشوور، بگرە لە ڕۆهەڵاتی کوردستانیشدا، کە ڕامانی کرد بە سیبەک بۆ هەناسەدانی لاوەیلی تازە پێگەییوی ئەوێ، لە سەردەمی نەبوونی هیچ هەلێک لە بەشەکەی خۆیاندا. ناسیارەتی و هاوەڵیی من و ئەو پیاوە بۆ سەردەمی دەزگای گوڵان لە ١٩٩٤ دەگەڕێتەوە(*). شەڕی ناوەخۆ هەڵگیرسا، ئەو و گەلێکی وەک ئەو لە سلێمانیوە بەرەو هەولێر ڕاویان نان، پاشان لە هەولێریشەوە بەرەو هاوینەهەواری پیرمەم ئێمەیان بە یەکەوە هەڵبڕی. لەوێ بوو ئەگەر هەڵە نەبم یەکەمین ژمارەی ڕامانی دەرکرد (لەبەرئەوەی من لەوان جیابووبوومەوە دڵنیا نیم). جێی خۆیەتی ئەو ڕەنجەی ئازاد عەبدولواحید، کە بۆ پاسەوانەتی و بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژە ئەدەبییە داویەتی، بە باشی بێتە بەرچاوگرتن و هەڵسەنگاندن.

لەم ڕۆژانەدا چیرۆکێکم خوێندەوە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژنامەوانیی چینی. دەڵێ پێشی چل و یەک ساڵ، کە هێشتا ماوتسی تۆنگ لە ژیان و دەسەڵاتدا بوو، لە بڕکە (موقاتەعە)ی گوایژۆدا ساپیتەیەکی نهێنی بە پیاوێک دەسپێرن تا پاسەوانەتیی بکا. ئەو ساپیتەیە لە بن زەویدا دەبێ و تەنیا کونێکی دەبێ بۆ چوونە خوارەوە، شوێنەکەیش بنکەیەکی تۆپخانەی سەربازی دەبێ. سەرۆک ماو لە ساڵی ١٩٧٦دا کۆچ دەکا و پاش ماوەیەکی کەم هەموو ئەوانەی لە دەمی ویدا کاربەدەست بوون لە کار نامێنن، بەمەش حکومەتی چین ئاگای لە مام (هۆ ڤەنسوون) و ساپیتەکەی نامێنی. پێش مانگێک دوان لەم دواییانەی ٢٠١٦دا، پیر هۆ دەسەڵاتدارەیل ئاگەدار دەکاتەوە دەڵێ من تەمەنم بووە بە ٨٧ ساڵ و هەست دەکەم لە کۆچی دوایی نیزیک دەبمەوە، تکا دەکەم یەکێک بنێرن بۆ پاسەوانەتیی ساپیتە نهێنییەکە. هەرچەندە باسی ئەو شوێنە سەربازییە لە هیچ بەڵگەنامەیەکی سوپاییدا نادۆزنەوە، بەڵام کاتێک دەچن بۆ سەردانی شوێنەکە دەبینن وەک خۆی ماوە، بگرە گونجاوە هەر ئێستا بەکاری بهێننەوە. مام هۆ بۆ ئەوەی کەس بەو نهێنییە نەزانێ، خانوویێک بۆ خۆی لەو شوێنەدا ڕاست دەکاتەوە. بە

ڕۆژەوە ژیانێکی ئاسایی لەگەڵ منداڵ و نەوەدا بەسەر دەبات و شەوانیش پاسەوانی ئەرکە نیشتمانییەکەی دەبێ، تەنانەت نەیهێشتبوو ژن و منداڵەکانیشی بەو نهێنییە بزانن. لەم ڕۆژانەدا وڵاتی چین خەڵاتێکی بەوپەڕی ڕێزەوە بە ناوونیشانی (سەرتۆپی ئاکاری مرۆڤییانە) لە بەرۆکی ئەو پیرەمێردە دا.

ئێمەش لە وڵاتی خۆماندا دەتوانین زۆر نموونە بدۆزینەوە لەوانەی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشاندا خاوەن ئاکاری سەرتۆپی مرۆڤییانەن، کە ئەمە لەم سەردەمەی ئێستادا پێی دەڵێن پرۆفیشیناڵێتی. یەکێک لەوانەی من لە تاقیکردنەوەی خۆمدا بە پرۆفیشیناڵم ناسیون کاک ئازاد عەبدولواحیدە. هەر لە ١٩٩٤ـەوە، واتە ئەو ڕۆژەی یەکترمان ناسی، تا ئێستا بە نەگۆڕیی خۆی لەو ڕێچکەیەدا ماوەتەوە و تەکان دەدا. بۆ ئەو مانای ژیان، لە بەدواداچوونی ئەو ڕێچکەیەدایە، کە گرتوویەتی. ژیانی هەر مرۆڤێکیش لە پێناو مانایەکدایە بە گشتی، هەیە مانای نیشتمانی دەدات بە ژیانی خۆی و هەشە مانایەکی تر، کە ڕەنگە گرینگ نەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین.

لەو ساڵانەی پێشوودا زۆر جار، لە دیمانەی جیاجیادا پرسیارم کردووە (ئەرێ کاک ئازاد دەشێ هەموو ژمارەیەکی ڕامانم دەست کەوێ، بەڵام بە چاپی ئەلیکترۆنی نەک پەڕەیی، لەبەرئەوەی لە زۆر چتدا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو ئەرکایڤە دەوڵەمەندە)، لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە و هیوادارم ئەوەی تا ئێستا لە ڕامان چاپ بووە، هەمووی لە سیدیییەکدا کۆ بکاتەوە و بیخاتە بەردەست تا هەموو لایەک بتوانن ئەو ڕەنج و خەرمانە بەرهەڵدایە بە ئاسانی لای خۆیان بپارێزن. بێ گومان لە پاڵ کاک ئازاد دا، سەربازی ونی تر زۆرن وەک خۆی، هەڵێکە لێرەدا سڵاوی گەرموگوڕی خۆم پێشکێش بە یەکەبەیەکەیان بکەم.

* ساڵانی هەشتاکان کە لە شاری سلێمانی دەژیام، جار بەجار سەری هەولێرم دەدا، لە یەکێک لەو سەردانانەمدا ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ د. مارف خەزنەدار لە دوکانەکەی شەهید عەبدولخالق مەعرووف یەکمان گرتەوە، لەوێوە بڕیارمان دا پیاسەیەک بکەین، هەر لەو کاتەدا کە پیاسەمان دەکرد، تووشی خوا لێی خۆشبێت فیکرەت عیزەتی پارێزەر بووین، کە گەیشتینە ناو بازاڕ لەبەردەمی چاپخانەکەی جارانی مام گیوی موکریانی، د. خەزنەدار پێشنیاری کرد سەرێکی کاک بەدران بدەین کە لە کۆڵانە باریکەکەی ئەوبەر ئۆفیسێکی ئەندازیاری دانابوو، من بۆ یەکەم جار لەو ئۆفیسەدا کاک بەدرانم ناسی. ساڵی ١٩٩١ جارێکی دیکە لە ماڵی د. مارف خەزنەدار کاک بەدرانم دیتەوە، ئەوکاتە تازە کتێبی (ڕۆژهەڵاتی گرگرتووی) لە چاپ دابوو، کە د. مارف پێشەکی بۆ نووسیبوو، هەر لەوێ کتێبەکەی خۆی بەدیاری دامێ و بە قەڵەمی خۆشی پێشکەشەکەی بۆ نووسیم، کە دەستوخەتە جوانەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام. وا دیارە پیری و ماندوویی و هەوراز و نشێوەکانی ڕۆژگار و چورتمەکانی، زەینی کاک (بەدران)یان کوێر کردووەتەوە، بۆیە ئەو سەرەتایانەی یەکتر ناسینمانی لەبیر چووەتەوە.

**سەرنووسەر**